گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری زیرەکیی سۆزداری لەسەر توانستی زمانی ئینگلیزی لەلای خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی

**م.ی. مریوان اسعد بهاءالدين**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

mariwanasaad20@gmail.com

**پ.د. عبدالله حسين رسول**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

abdulla.raswl@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/٩/١٤

پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٠/١٩

بڵاو کردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**

*Trait Emotional Intelligence, English Language, Gender, Age, Students*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.9.4.11

## پوختە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەڕان بەدوای پەیوەندی لە نێوان زیرەکیی سۆزداری و لێهاتوویی زمانی ئینگلیزی لە نێو خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، بە مەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندییە ئەگەرییەکانی نێوان زیرەکیی سۆزداری و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەک: (تەمەن ،ڕەگەز ، ژینگەی خوێندگە) و کاریگەریان لەسەر کۆنمرەی چالاکی ڕۆژانە و تاقیکردنەوەی نووسینەکی خوێندکاران لەپۆلدا.

کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ٣٨٦ خوێندکاری پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکدێت، کە تەمەنیان لە نێوان ١١ بۆ ١٤ ساڵیدایە. بەشێوازی هەرەمەکی مەبەستدار لە ١٠ خوێندنگەی جیاوازی پارێزگای هەولێر- ناوەندی قەزا – کە بریتین لە خوێندگەکانی: دەریاز، هاڤین، کۆژین، نەیڤان، پێرس، ڕۆژیار، سیڤان، زمناکۆ، زنار و خانای قوبادی هەڵبژێردراون. بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زیرەکیی سۆزداری خوێندکاران، فۆرمی کورتکراوەی منداڵان (CSF)ی ٣٦ برگەیی، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێکە لە پرسیارنامەی زیرەکیی سۆزداری تایبەتێتی (TEIQue)، بەکارهێنراوە، پاشان لەڕێگەی بەرنامەی ئاماری (SPSS) داتاکان شیکراونەتەوەو تاقیکردنەوە بۆ گۆڕاوەکان کراوە.
ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە ڕووی زیرەکیی سۆزدارییەوە، گروپی تەمەنی 11-12 ساڵان بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی زیرەکیی سۆزدارییان لە گروپی تەمەنی 13-14 بەرزتربوو. لە بەرامبەردا خوێندکارانی گروپی تەمەن 11-12 ساڵان بە شێوەیەکی بەرچاو کۆنمرەی چالاکی ڕۆژانە و تاقیکردنەوەی نوسینەکییان بەراوورد بە گروپی تەمەن 13-14 ساڵ بەرزتر بوو، قەبارەی ئەم کاریگەرییەکەش بە ڕێژەی (0.886 ، 1.204) d ی کۆهێن (Cohen) ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ کاریگەرییەکی گەورەی ئەرێنی زیرەکی سۆزداری لە بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران. هەروەها ئەنجامی جیاوازی ڕەگەزی خوێندکاران پەیوەندییەکی ئەرێنی بەرچاوی لەگەڵ کۆنمرەی چالاکی رۆژانە و تاقیکردنەوەی نوسینەکی خوێندکار هەیە، بەشێوەیەک کە ئاستی زانستی و چالاکی ڕۆژانەی ڕەگەزی مێ لە پۆلدا بەراورد بە نێر بەرزترە.

## 1. پێشەکی

زانایانی دەروونزانی لە بیردۆزەکانی زیرەکیی سۆزدارییەدا ئەوەیان سەلماندوە، کە زیرەکیی هزری بە تەنیا ناتوانێت پێشبینی سەرکەوتن لەهەمان کاتدا بەختەوەری دڵخۆشی بۆ تاکەکان لە ژیاندا بکات، چونکە بەڕێوەبردنی گوشار، چارەسەری ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەکان، سەرکردایەتیکردن، تێگەیشتن لە کەسانی دیکە، پێشکەوتن لە پیشە و ئەدای کاردا بنەما لێهاتووییە سۆزدارییەکان دابینی دەکەن.
ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان زیرەکیی سۆزداری و نمرەی دەستکەوت لە بەدواداچوون بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دوەم، سنوورەکانی هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی نەریتی تێدەپەڕێنێت. ئەمەش دان بە سروشتی فرەڕەهەندی فێربوونی زماندا دەنێت، کە تێیدا

لێهاتوویی زانستی بەتەنها بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزی سۆزەکان، ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان و وردەکارییە کلتوورییەکان کە پشتگیری لە پەیوەندیکردنی کاریگەردەکەن.

**١-١. ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە مەیدانییە بریتییە لە گەڕان بەدوای پەیوەندی لە نێوان زیرەکیی سۆزداری و لێهاتوویی زمانی ئینگلیزی لە نێوان خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا. بە بەکارهێنانی پرسیارنامەی زیرەکیی سۆزداری تایبەتێتی (TEIQue) و بە مەبەستی ئاشکراکردنی پەیوەندییە ئەگەرییەکانی نێوان زیرەکیی سۆزداری و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان و نمرەی دەستکەوتی خوێندکاران.

بۆ گەیشتن بە ئامانجە گشتگیرەکە، توێژینەوەکە بە پێی ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەڕێوەدەچێت:

**١.** هەڵسەنگاندنی زیرەکیی سۆزداری بە بەکارهێنانی فۆرمی کورتکراوەی منداڵان (CSF) کە لە ٣٦-پرس لە پرسیارنامەی زیرەکیی سۆزداری تایبەتێتی (TEIQue) پێکهاتووە. کە ئاستی زیرەکیی سۆزداری لە نێوان خوێندکارانی پۆلی شەشەمی زمانی ئینگلیزی دیاردەکات.

**٢.** لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی(ڕەگەز، تەمەن و خوێندگە) لەسەر ئاستی زیرەکیی سۆزداری خوێندکاران. دیارکردنی ئەو جیاوازییە پێشبینیکراوەکانەی، کە ئەگەری کاریگەرییان لەسەر گەشەی زیرەکیی سۆزداری هەیە.

**٣.** لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زیرەکیی سۆزداری و نمرەکانی دەستکەوت بە بەکارهێنانی ئاماری ئەنجامی و نموونەی پێشبینیکراو بۆ پشکنینی چۆنییەتی بەیەکداچونی زیرەکیی سۆزداری و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان و پەیوەندییان بە نمرەی دەستکەوتی زمانی ئینگلیزی خوێندکاران. ئەم ئامانجە هەوڵدەدات تێگەیشتن لە پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان زیرەکیی سۆزداری و ئەنجامدانی ئەکادیمی ئاشکرا بکات.

**٢-١. گرنگی توێژینەوەکە:**

خوێندکاران وەک مرۆڤ ئارەزووی مامەڵەکردنیان بەپێی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی سروشتیی سۆزداریی خۆیان هەیە، ڕۆژانە هەست و سۆزەکانیان کە نوێنەرایەتی بوونی دەروونی و هزرییان دەکات لە وانەکاندا بەرکەوتنیان لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکانیان دەبێت. ڕوونە هەست و سۆزە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەرێنییەکانی وەک دڵەڕاوکێ و گوشار و کەمی بڕوابەخۆبوون کاریگەری نەرێنی لەسەر توانای خوێندکار بۆ فێربوونی زمانی نوێ هەیە، لە بەرامبەردا زیرەکیی سۆزداریی یارمەتی خوێندکاران دەدات لە ناساندن و بەڕێوەبردنی سۆزە نەرێینییەکانیان و زاڵبوون بەسەر گوشارەکانی بەردەم فێربوونی زمانی دوەم. چونکە دەرکەوت ئەو خوێندکارانەی کە ئاستێکی زیرەکیی سۆزداری باشیان هەیە، دەتوانن بە ئاسانی تێکەڵ بە کەسانی نوێ و هاوپۆلەکانیان ببن و پەیوەندییەکی بەهێز بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ یەکتر بەهێز دروستبکەن، سەرەنجام لە کاتی بەشداری و چالاکی رۆژانەیان کەمتر تووشی تێکچوونی سۆزداری و دڵەڕاوکێ دەبنەوە.

### ١-٣. کێشەی توێژینەوەکە:

دڵەڕاوکێی، ترس و شەرم لە قسەکردن بە زمانی دوەم، بەتایبەت زمانی ئینگلیزی بەربەستی سروشتین لە بەردەم زۆرینەی خوێندکاران لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان. بیرکردنەوە لە ڕێکخستنی وشەکان و دەربڕینی لە چوارچێوەی ڕستەدا بۆ خوێندکار لە تەک هاوپۆلەکانییاندا بە ساتێکی بێزارکەر و شەرماوەر دەبینرێت. فەرامۆشکردنی لایەنی زیرەکیی سۆزداری خوێندکاران لە سیستەمی پەروەردە و نەبوونی هیچ پێشینەیەک، لە توێژینەوەی زانستی لە زانکۆ و ناوەندە پەوەردەیی و زانستییەکانی هەرێمی کوردستان، لەسەر زیرەکیی سۆزداریی خوێندکاران و مامۆستایان، ئەدای کارکردن و پەیوەندی نێوانیان. بۆیە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە بواری زمانەوانی دەروونی هاوچەرخدا مژارێکی سەرنجڕاکێش بوو بۆ لێکۆلینەوە.

### ١-٤. پرسیارەکانی توێژینەوە:

زیرەکی سۆزداری خوێندکاران لە چ ئاستێکدایە؟

پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەک: (ڕەگەز، تەمەن و خوێندگە) لەسەر ئاستی زیرەکیی سۆزداری خوێندکاران چییە؟

ئایا جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ئاستی زیرەکیی سۆزداریی خوێندکاران و لێهاتووەکانی زمانی ئینگلیزی لە کۆنمرەی چالاکی رۆژانە و تاقیکردنەوەی نووسینەکی لەپۆلی شەشەمی بنەڕەتی هەیە.

ئایا ئەو خوێندکارانەی، کە خاوەن ئاستی زیرەکیی سۆزداریی بەرزن سەرکەوتووترن لەو خوێندکارانەی کە ئاستی زیرەکی سۆزدارییان نزمترە؟ یان بە پێچەوانەوە.

**١-٥. هۆکاری (بنچینەی لۆژیکی) توێژینەوەکە:**

بە پشتبەستن بە شیکاری زۆرێک لە توێژینەوەکانی پێشوتر لە زانکۆ و گۆڤارە زانستییەکانی ئەو وڵاتانەی، کە لەبواری پەروەردە و فێرکردن پێشەنگی جیهانن، ئاماژە بە پەیوەندیی ئەرێنی زیرەکیی سۆزداری بە دەستکەوتی زانستیی خوێندکاران کراوە، سەلمێنراوە، کە ئەو خوێندکارانەی خاوەن زیرەکی سۆزداری بەرزن ئاستی زانستییان بەرزترە لە چاو ئەو خوێندکارانەی ئاستی زیرەکیی سۆزدارییان کەمترە.(فاتوم، ٢٠٠٨؛ بابێلان و مۆینیکیا، ٢٠١٠؛ فایۆمبۆ، ٢٠١٢؛ چامۆندێسواری، ٢٠١٣؛ چیو، و هاوکارانی، ٢٠١٣؛ تیاگی و گاوتام، ٢٠١٧؛ جان و هاوکارانی، ٢٠١٨؛ پاندی و هاوکارانی، ٢٠١٩)(Rajashree Baral, 2021, 110) هەروەها وەک: سیلڤەر، ١٩٩٩؛ ئارمۆر، ٢٠١٢دا ئاماژەی پێکراوە.

**١-٦. گریمانەی توێژینەوەکە:**

١. گریمانە پووچەکان: هیچ پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان زیرەکیی سۆزداری و توانستی زمانی ئینگلیزییدا نییە.

٢. پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان نمرەکانی زیرەکی سۆزداری و نمرەی ئەدای زانستی خوێندکاراندا هەیە.

**١-٧. میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ بە ئەنجامگەیاندنی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی پەسنیی شیکاریکراوە.

**١-٨. ئامرازی توێژینەوەکە:**

بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زیرەکیی سۆزداری خوێندکاران، فۆرمی کورتکراوەی منداڵان (CSF)ی ٣٦ برگەیی، کە بەشێکە لە پرسیارنامەی زیرەکیی سۆزداری تایبەتێتی (TEIQue)، بەکارهێنراوە، پاشان لەڕێگەی بەرنامەی ئاماری (SPSS) داتاکان شیکراونەتەوەو تاقیکردنەوە بۆ گۆڕاوەکان کراوە.

### ١-٩. سنوور و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژنەوە لە ٣٨٦ خوێندکاری پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، کە تەمەنیان لە نێوان ١١ بۆ ١٤ساڵیدایە پێکدێت. هەڵبژاردنەکە بەشێوازی هەرەمەکی مەبەستدار لە هەر ١٠ خوێندگاکانی (هاڤین، کۆژین، نەیڤان، پێرس، ڕۆژیار، سیڤان، زمناکۆ، زنار و خانای قوبادی)ی سنوری بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر- پایتەختی هەرێمی کوردستان - لە عێراقدا جێبەجێکراوە.

### ١-١٠. ڕاستی و جێگیری کەرەستەی توێژینەوەکە:

ئەو پرسیارنامەیەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوە پرسیارنامەیەکی ستانداردە، واتە بۆ هەڵسەنگاندنی بونیادی دیاریکراو یان گۆڕاوەکانی بایەخ بە شێوەیەکی یەکسان و یەکگرتوو پەرەیپێدراوە و پشتڕاست کراوەتەوە.

## ٢. چوارچێوەی تیۆری

### 1-2. پێناسەی زیرەکیی سۆزداری

چەمکی زیرەکیی سۆزداری بۆ یەکەم جار لە تێزێکی دکتۆرا لە ساڵی 1985 لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن واینێ لیۆن پاینێ گەڵاڵە کرا، کە ناوبراو بڕوای وایە، زیرەکیی سۆزداری بریتییە لە توانایەك کە پەیوەندییەکی نوێ و داهێنەرانەی لەگەڵ ترس، ئازار و ئارەزوودا هەیە. (Wayne Leon Payne, 1985, 7) واتە زیرەکیی سۆزداری وەك توانستێك کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێی جیاکردنەوە و خستنە ژێر چاودێریی سۆزەکانی خۆی و خەڵکانی تر و توانای بەکارهێنانی زانیاری کە ڕێنموویی شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری خۆی دەکات.

توانای مامەڵەکردن لەگەڵ سۆزە بەهێزەکان و توانای خۆگونجاندن و چارەسەرکردنی کێشەی سروشتیی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. (Bar-On, 1997, 58) هەرچۆنێک بێ، جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە هەر شتێک کە پەیوەندیی هەبێت بە زانین و سۆز و سۆزەکانەوە، ئەوە پەیوەندی بە زیرەکیی سۆزدارییەوە نییە. پێناسەیەک پێشنیار دەکەن بۆ پەسنکردنی زیرەکیی سۆزداری وەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێوانەیەک بۆ سۆزە بەرزکراوەکان، یاخود توانا هۆشەکیەکان دەگەڕێتەوە (Salovey & Mayer, 1997, 9).

زیرەکیی سۆزداری دەتوانرێت بە باشترین شێوە وەک توانای چاودێریکردنی سۆزەکانی خود و کەسانی تر پەسەنبکرێت، جیاکاریکردن لە نێوان سۆزە جیاوازەکان و ناساندنیان بە شێوەیەکی گونجاو، هەروەها بەکارهێنانی زانیاری سۆزداری بۆ ڕێنماییکردنی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتکردن . سالۆڤەی و مایەر سێ نموونەیان پێشنیازکرد؛ یەکەم: "نموونەی توانا" تیشک دەخاتە سەر توانای تاکەکەس بۆ چارەسەرکردنی کێشە سۆزدارییەکان لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکاندا. (Salovey P, Mayer, 20104, 197-215). دوەم: "نموونەی تایبەتێتی" کە لەلایەن پێترایدسەوە پەرەپێدراوە، جەخت دەخاتە سەر "ڕێکخستنی هەڵسوکەوت و توانای تێگەیشتن لەخود لەخۆ دەگرێت و لە ڕێگەی ڕاپۆرتکردنی خودییەوە پێوانە دەکرێت. "نموونەی سێیەم: تێکەڵ، واتە؛ "تێکەڵەیەکە لە هەردوو توانای زیرەکیی سۆزداری تایبەتێتی. (Petrides et al, 2007, 273–89).

**٢-٢. مۆدێلی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی:**

پێترایدس و فرنهام لە ساڵی ٢٠٠١دا ئەوەیان ڕاگەیاند کە جیاوازییەکی بنچینەیی لە پێوانەکردنی بنیاتی زیرەکی سۆزداریدا هەیە. لە ئەنجامدا پێشنیازی جیاوازییان لە نێوان زیرەکی سۆزداری توانایی و زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی کرد. زیرەکی سۆزداری توانایی توانای ڕاستەقینە لەخۆ دەگرێت و پێویستە بە تاقیکردنەوەکانی "زۆرترین-ئەنجامدان" پێوانە بکرێت و ڕاستەوخۆ بەسەر توانای زانیندا جێبەجێ بکرێت. زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی پێکهاتووە لە "ڕێکخستنی هەڵسوکەوت و توانای لەخۆ تێگەیشتن" و پێویستە لە ڕێگەی پرسیارنامەکانی خود ڕاپۆرتی پێوانە بکرێت، ئەمەش پەیوەندیدارە بە توێژینەوەی کەسایەتی (Petrides & Furnham, 2001, 426). لە جیاوازی نێوان زیرەکی سۆزداری توانایی و زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی، بیردۆزی زیرەکی تایبەتێتی سەریهەڵدا. بەپێی پێترایدس و فرنهام (٢٠٠١) ، زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی بریتییە لە کۆمەڵەیەک لە هەڵسوکەوتی پەیوەندیدار بە سۆز و تێگەیشتن لە خود کە دەکەوێتە ئاستە نزمەکانی هەرەمی کەسایەتی. لە چەقی چوارچێوەی بیرۆکەی بیردۆزی زیرەکیی سۆزدارییدا، تیشک دەخاتە سەر گرنگی ناسینەوە و تێگەیشتن و بەڕێوەبردنێکی کاریگەرانەی سۆزەکان بۆ سەرکەوتنی ئەکادیمی. ئەم بیردۆزە پێشبینی ئەوە دەکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە زیرەکیی سۆزداری نەک تەنها کاریگەری لەسەر تواناکانی زانین هەیە بەڵکو کاریگەری لەسەر لێهاتوویی نێوان کەسایەتیش(interpersonal skills) هەیە و بەشداری دەکات لە فێربوونی زمان و شارەزایی پەیوەندیکردن. زیرەکیی سۆزداری وەک هاندەرێک دادەنرێت کە دەتوانێت خۆگونجاندن و هاندان و بەشداریکردنی خوێندکارەکان باشتر بکات و لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر فێربوونی زمان و دەستکەوتە ئەکادیمییەکانیان هەبێت.

## ٢-٢. زیرەکیی سۆزداری و دەستکەوتی ئەکادیمی گۆلمان بانگەشە بۆ گرنگی پێشبینیکردنی زیاتری زیرەکیی

سۆزداری لە چاو ئاستی زیرەکیی هزری دەکات و دەڵێت: زیرەکی سۆزداری دەتوانێت "بەهەمان شێوە بەهێز بێت، هەندێکجاریش بەهێزتر بێت لە ئاستی زیرەکیی هزری"(Goleman 1995, 34). پەیوەندی زیرەکیی سۆزداری و دەستکەوتی ئەکادیمی لە بواری پەروەردەییدا سەرنجی زۆر لە توێژەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. توێژینەوەیەکی زۆر لە هەوڵی ئاشکراکردنی پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان زیرەکیی سۆزداری و توانای زانستیی خوێندکاران و ئەنجامەکانی فێربوون و ئەدای ئەکادیمیی مامۆستایانن. لێکۆڵینەوەکان دەربارەی ئەم پەیوەندیە ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە زیرەکیی سۆزداری، کە بە توانای پەیپێبردن و تێگەیشتن و ڕێکخستن و بەکارهێنانی سۆزەکان ناسراوە، توانای ئەوەی هەیە کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر گەشتی دوورودرێژی خوێندن هەبێت. چەندین توێژینەوەی قووڵ و ئاستبەرز تایبەت بە کاریگەری زیرەکیی سۆزداری لەسەر توانا زانستییەکان لە زانکۆ پێشەنگەکانی جیهان ئەنجامدراون، دەریانخستووە کە ڕۆڵی زیرەکیی سۆزداری سازکردنی ئەنجامەکانی فێربوون و بوارەکانی زانین تێدەپەڕێنێت و دەربڕین لە بوارە ئەکادیمییەکانی وەک فێربوونی زمان و لێهاتووییەکانیدا دەبینێتەوە. بە شێوەیەکی بەرچاو، دۆزینەوەکان پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە زیرەکیی سۆزداری دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر فێربوونی زمان و شارەزایی هەبێت ، ئەمەش تێڕوانینێک پێشکەش دەکات دەربارەی ئەوەی کە چۆن فێرخوازان بە ئاڵۆزییەکانی وردەکاری زمانەوانی و پەیوەندییە کولتوورییەکان تێدەپەڕن.

**٣-٢. پەیوەندی زیرەکیی سۆزداری بە ڕەگەزەوە**

دانیال گۆڵمان (2002) دەڵێت هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی لەنێوان نێر و مێ لە زیرەکیی سۆزداریدا (EI) نییە. بەڵام توێژینەوەکانی مایەر و گێهەر ، (1996)، دواتر مایەر، کاروسۆ و سالۆڤی(1999) و لەم دواییانەشدا ماندێل و فێروانی (2003)، دەریدەخەن کە ژنان بەراورد بە پیاوان زیاتر جێگای کارتێکردنن لە بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرزتر لە زیرەکیی سۆزداری. ڕەنگە ناتەباییەکە بەهۆی هەڵبژاردنی پێوەرەکانەوە بێت لەلایەن کەسەکانەوە بۆ پێناسەکردنی زیرەکی سۆزداری بە شێوەیەکی ژیریی پەتی نەک دیدێکی تێکەڵاو.( Sfetcu, 2023, 8)

برۆدی و هۆڵ و ستۆکس ئاماژەیان بەوە کردووە کە نێرەکان زۆرتر سۆزی نەرێنی وەک تووڕەیی و شەڕانگێزی و نائومێدی دەردەبڕن و لەلایەکی ترەوە زیاتر مەیلی دەربڕینی سۆزی زۆر ئەرێنییان هەیە وەک هەستکردن بە پەرۆشی (L. R. Brody, J. A. Hall, L. R. Stokes, 2016, 369-392) هەروەها توێژینەوەکە ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە مێیەکان زیاتر دوچاری سۆزی ئەرێنی کەم یان مامناوەند دەبنەوە وەک دڵخۆشی و دڵتەنگی. مریەم مەشکات و ڕەزا نەجاتی لە توێژینەوەکەیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هیچ جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ڕەگەزەکاندا نییە لەسەر کۆی نمرەکانیان بۆ پێوانی زیرەکی سۆزداری.( M. Meshkat and R. Nejati, 2017, 1-8)

زۆبەی توێژینەوەکان دۆزینەوەی جیاوازییان لەسەر ئەم بابەتە خستۆتەڕوو، بۆیە دەرئەنجامەکان قورس دەبن.

بەپێی ئەم چوارچێوەیە، جیاوازی ڕەگەزی وەک لایەنێکی گرنگ ڕەچاو دەکرێت کە لەگەڵ ژینگەی خوێندگە و ڕێڕەوی گەشەکردنی پەیوەندیدار بە تەمەنەوە تێکەڵ دەبێت. بە پێی بیردۆزی بڕبڕەیی و ڕەگەزی، چوارچێوەکە دان بەوەدا دەنێت کە ئەزموون و ڕۆڵی ڕەگەزەکان وەک یەک نین و دەتوانن لەگەڵ لایەنەکانی تری کەسایەتیدا تێکەڵ بن. ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە چۆن چاوەڕوانییە ڕەگەزییەکان و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێککردنی نێوان خوێندگەکاندا، کارلێک دەکەن لەگەڵ مەودای تەمەنی دیاریکراوی ١١ بۆ ١٤ساڵدا و ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەی لێهاتوویی زمان و بەشداریکردنی ئەکادیمی جیاواز لە نێوان خوێندکارانی نێر و مێدا هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢-٤. پەیوەندی زیرەکیی سۆزداری بە تەمەنەوە:

بەگوێرەی توێژینەوەکەی لۆرێنزۆ فاریسێلی، ماسیمیلیانۆ گینی و جۆشوا فریدمان گرنگی ئەم دۆزینەوانەی ئێستا دوو هێندەن. یەکەم، دەتوانین ئەوە پشتڕاست بکەینەوە کە پێکهاتەیەکی گەشەکردنی زیرەکی سۆزداری بوونی هەیە - زۆربەی خەڵک لەم لێهاتووییانەدا لە ڕێگەی ئەزموونی ژیانەوە بەرەو باشتربوون دەڕۆن. ئەمە ئەوە بەهێزتر دەکات کە زیرەکی سۆزداری دەکرێت فێری ببیت. دووەم: دەتوانین ئەوە ببینین کە زۆرێک لەو باوەڕە گشتییانەی دەربارەی "لەگەڵ تەمەندا دانایی دێت" زیاد لە پێویست باسکراون. پەیوەندی نێوان زیرەکی سۆزداری و تەمەن زۆر کەمە - واتە لەوێ لە کاتێکدا کە ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی بەتەمەن زیرەکی سۆزدارییان بەرزترە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان هەن کە نمرەی زیرەکی سۆزداریان بەرزترە لە هاوتا بەتەمەنەکانیان. زۆرێک لە سیستەمە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و بازرگانییەکانمان بەشدارییەکانی گەنجان پشتگوێ دەخات: ئەگەر زیرەکی سۆزداری لێهاتووییەکی گرنگبێت لە چوارچێوەی جیهانی ئێستادا، ئەوا سەرکردەکان پێویستە گەنجان وەک سەرچاوەیەکی گرنگی سەرمایەی مرۆیی تێبینی بکەن. (Lorenzo Fariselli, 2006, 9)

## ٢-٥. ژینگەی خوێندگە و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی-کلتوری

چوارچێوەکە سروشتی فرەڕەهەندی ژینگەی خوێندگە و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی-کەلتوورییان لە دەوروبەری زیرەکیی سۆزداریدا دەگرێتەوە. بە پشتبەستن بە بیردۆزی فێربوونی کۆمەڵایەتی-زانستی، چوارچێوەکە دان بەوەدا دەنێت کە کارلێککردنی نێوان خوێندکاران لەناو خوێندگەکاندا کاریگەری لەسەر پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان تایبەتمەندییە کەسییەکان، هۆکارە ژینگەییەکان و ئەنجامەکانی هەڵسوکەوت هەیە. ژینگەی خوێندگە وەک جیهانێکی بچووک خزمەت دەکات کە تێیدا توخمە جۆراوجۆرەکانی وەک شێوازناسی فێرکردن و سەرچاوەکان و کارلێککردنی هاوپۆلەکان و هەمەجۆری کلتووری کۆدەبنەوە بۆ دروستکردنی لێهاتوویی زمان و پێشکەوتنی ئەکادیمی.

## ٣. توێژینەوەی مەیدانی

### ٣-١. خستنەڕووی داتا و تاوتوێکردنیان:

ئەم توێژینەوەیە لە پەیوەندیی نێوان زیرەکیی سۆزداری و نمرەی بەدەستهاتوو لە بابەتی زمانی ئینگلیزی لە نێوان خوێندکارانی پۆلی شەشەم، بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، کە تەمەنیان لە نێوان ١١ بۆ ١٤ ساڵیدایە دەکۆڵێتەوە. بەشداربووان بەشێوازی هەرەمەکی مەبەستدار لە ١٠ خوێندنگەی جیاوازی پارێزگای هەولێر- ناوەندی قەزا - وەرگیراوە، ئەمەش گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی، وەک: ڕەگەز و تەمەن و خوێندنگە، وەک هۆکاری سەرنجڕاکێش دەناسێنێت. چوارەم گۆڕاوی سەربەخۆش: ئاستی زیرەکیی سۆزداری خوێندکارانە.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زیرەکیی سۆزداری خوێندکاران، توێژینەوەکە پرسیارنامەی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEIQue) بەکارهێناوە، ئەم وەشانە لە فۆڕمێکی کورتی 36 بڕگەیی تایبەت بە منداڵان پێکدێت. کە لە ساڵی ٢٠٠٩، وەک پێوەرێکی گشتگیر بۆ زانینی ئاستی زیرەکیی سۆزداری لە لایەن (ماڤرۆڤێلی و پێترایس) پەرەی پێدراوە(Mavroveli and Petrides, 2018, 28). پرسیارنامەکە بەسەر خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بەرێوەچوو.

بە گشتی، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە توێژینەوە دەربارەی ئەوەی کە چۆن گۆڕاوە سەرژمێرییەکانی وەک ڕەگەز و تەمەن و خوێندنگە هەروەها زیرەکی سۆزداری لە ڕووی چالاکیی و نمرەی کۆتایی لە ئینگلیزی پۆلی شەشەمدا کاریگەرییان لەسەر نمرەی دەستکەوتی خوێندکاران هەیە.

### ٣-٢. هەگبەی خوێندکارانی پۆلی شەشەم:

هەگبەی خوێندکارانی بەشداربوو لەم توێژینەوەیەدا، سەرنج دەخاتە سەر بابەتی زمانی ئینگلیزی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی هەردوو ڕەگەزەکە، کە تەمەنیان لە نێوان 11 بۆ 14 ساڵدایە دەگرێتەوە. بەشداربووان لە دە خوێندنگەی جیاوازی ناوەندی قەزای پارێزگای هەولێر هەڵبژێردران. ئەم پرۆسەی بە هەگبەکردنە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیارییە دەربارەی تایبەتمەندییە سەرژمێرییەکانی خوێندکاران کە ئامرازێک دەبێت بۆ پشکنینی نمرەکانی بەدەستهاتوو و پەیوەندییان لەگەڵ زیرەکی سۆزداری. بە شیکردنەوەی گۆڕاوەکانی وەک ڕەگەز، تەمەن و خوێندنگە، دەتوانرێت تێڕوانینەکان لە پێکهاتەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆراوجۆری نمونەی خوێندکار بەدەستبهێنرێت و لە هۆکارە ئەگەرییەکان بکۆڵرێتەوە، کە ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لەسەر دەرئەنجامی دەستکەوتەکانیان. قۆناغی بە هەگبەکردن زۆر گرنگە چونکە بنەما بۆ شیکاری و لێکدانەوەکانی دواتر لەم توێژینەوەیەدا دادەنێت.

**خشتەی ژمارە (١) هەگبەی بەشداربووان بەپێی: خوێندنگە، ڕەگەز و گرووپی تەمەن**

| خوێندنگە | | ژمارەی بەژداربووان | تێکڕا |
| --- | --- | --- | --- |
| دەریاز | | 20 | %5 |
| هاڤین | | 35 | %9 |
| خانای قوبادی | | 20 | %5 |
| کۆژین | | 121 | %31 |
| نەیڤان | | 23 | %6 |
| پێرس | | 15 | %4 |
| ڕۆژیار | | 37 | %10 |
| سیڤان | | 23 | %6 |
| زمناکۆ | | 42 | %11 |
| زنار | | 50 | %13 |
| تێکڕا | | 386 | %100 |
| | | | |
| ڕەگەز | نێر | 192 | %50 |
| | مێ | 194 | %50 |
| سەرجەم | | 386 | %100 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گروپی تەمەن | 11-12 ساڵ | 337 | %87 |
| | 13-14ساڵ | 49 | %13 |
| سەرجەم | | 386 | %100 |

هەگبەی خوێندکارانی بەشداربوو لەم توێژینەوەیەدا (خشتەی ژ. ١) نمونەیەکی هەمەچەشن لە دە خوێندنگەی جیاوازەوە دەخاتەڕوو. لە نێویاندا خوێندنگەی کۆژین بە زۆرترین ژمارە بەشداربوو، بوو، کە ژمارەیان (١٢١) خوێندکارە، واتە ٣١%ی کۆی نمونەکە پێکدەهێنن. هەروەها خوێندنگەی زنار ژمارەیان 50 خوێندکاری بوو، کە 13%ی بەشداربووان پێکدەهێنن. خوێندنگەکانی دیکە ڕێژەی بەشداریکردنیان جیاواز بوو، کە لە نێوان 4% بۆ 11% بوو. کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ڕووی ڕەگەزییەوە بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان خوێندکارانی نێر و مێدا بە مەبەست دابەشکرابوون، کە 50% هەر پۆلێک پێکدەهێنن. سەبارەت بە تەمەن، زۆرینەی بەشداربووان کە (٣٣٧) خوێندکار (٨٧%) بوون و کەووتوونەتە ناو گروپی تەمەنی (١١-١٢) ساڵ، لە کاتێکدا (٤٩) خوێندکاری دیکە بە ڕێژەی (١٣%) سەر بە گروپی تەمەنی (١٣-١٤) ساڵ بوون. کۆی گشتی بەشداربووان ژمارەیان (٣٨٦) خوێندکارە، دوای دیاریکردنی ئەو فۆرمانەی کە بە هەڵە پڕکراونەتەوە، یان زانیارییان بۆ هەردوو نمرەی تاقیکردنەوەی چالاکیی و ئەنجامی کۆتایی لە زمانی ئینگلیزی بەردەست نەبوو، ژمارەیان (٢٩) فۆرم بوون و دوورخرانەوە.

**٣-٣. ئاستی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI):**

پرسیارنامەی زیرەکی سۆزداریی تایبەتێتی- فۆرمی کورتکراوەی منداڵ (TEIQue-CSF) کە بۆ زانینی ئاستی زیرەکیی سۆزداری کەسیی خوێندکارانی پۆلی ٦ لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، ئەم پرسیارنامەیە وەشانێکی 36 برگەییە، کە هەڵسەنگاندنی وەڵامەکانی لەسەر پێوەرێکی پێنج خاڵیی درێژ دەبێتەوە: لە 1 وەک ناڕازیبوونی ڕەها، 3 وەک ڕازیبوون و ڕازینەبوون، ژمارە 5 وەک ڕازیبوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەها. لەم هەڵسەنگاندنە، ئاستی بەرز ئاماژەیە بۆ بوونی کەسایەتیی سۆزداری بەهێزتری خوێندکار، لە هەمانکات هەڵسەنگاندنە نزمەکان ئاماژەن بۆ ئاستێکی تاڕادەیەک نزمتر لە زیرەکیی سۆزداری.

کۆی پرسیارەکانیش لە تێکەڵەیەک لێدوانی ئەرێنی و نەرێنی پێکدێت. لێدوانە نەرێنییەکان کە ژمارەیان ١٦ پرسیارە کۆدی پێچەوانەیان بۆ دانرا، بۆ ئەوەی تێکرای نمرەکە هەژمار بکرێت، وەڵامەکانیشیان پێش هەژمارکردنی تێکڕاکە بەهای پێچەوانەیان بۆ هەژمارکراوە. بۆ پۆلێنکردنی بەشداربوان بە پشتبەستن بە ئاستی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتییان (TEI)، ئاستی زیرەکیی سۆزدارییان بەم شێوەیە: نزم، مامناوەند و بەرز بۆ پۆلێنکردنی بەشداربووان بە پشتبەستن بە تێکڕای نمرەکانیان دیارکرا. واتە ئەو بەشداربووانەی کە تێکڕای نمرەکانیان لە نێوان (1 - 2.49) بوو، بە زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) نزم پۆلێنکراون، ئەوانەی تێکڕای نمرەکانیان لە نێوان (2.5 - 3.5) بە زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) ئاسایی پۆلێنکراون و ئەوانەی تێکڕای نمرەکانی سەرووی 3.5 بە زیرەکی سۆزداری (TEI) بەرز پۆلێنکراون.

خشتەی ژ(٢) تێکڕای نمرەکان و لادانە پێوەرییەکان بۆ زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) بە پشتبەستن بە گۆڕاوە جیاوازەکان دەخاتە ڕوو.

بۆ گۆڕاوەی "خوێندنگە"، تێکڕای نمرەکانی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) لە نێوان 3.54 - 3.81 دایە. بەرزترین تێکڕای نمرە لە خوێندنگەی نەیڤان بەدی دەکرێت (M = 3.81، SD = 0.51)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستێکی تاڕادەیەک بەرزی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) لە نێوان خوێندکارانی ئەو خوێندنگەیە. لە لایەکی دیکەوە، نزمترین تێکڕای نمرە لە خوێندنگەی پێرس دۆزراوەتەوە (M = 3.54، SD = 0.41)، ئەمەش پێشنیازی ئاستی کەمێک کەمتری زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) دەکات لە نێوان خوێندکارانی ئەو خوێندنگەیە. لادانە پێوەرییەکان لە سەرانسەری خوێندنگەکان لە نێوان 0.38 بۆ 0.59 دایە، کە ئاماژەیە بۆ هەندێک گۆڕانکاری لە نمرەی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) لە هەر خوێندنگەیەکدا.

سەبارەت بە گۆڕاوەی "ڕەگەز"، تێکڕای نمرەکانی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) بۆ نێر و مێ تاڕادەیەک نزیکە، نێرەکان تێکڕای نمرەکانیان= 3.70 (SD = 0.48) و مێینەکان تێکڕای نمرەکانیان=

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3.73 (SD = 0.48) بوو. ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە جیاوازییەکی بەرچاو لە زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) لە نێوان ڕەگەزەکاندا نییە.

لە کاتی پشکنینی گۆڕاوی "گرووپی تەمەن"، تێکڕای نمرەی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) بۆ خوێندکارانی تەمەن 11-12 ساڵ 3.74 (SD = 0.48) بوو، لە کاتێکدا بۆ خوێندکارانی تەمەن 13-14 ساڵ، تێکڕای نمرەی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI)(SD = 0.46) 3.52 بوو. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە تێکڕادا، خوێندکارە گەنجەکان نمرەی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتیان (TEI) بە بەراورد بە خوێندکارە گەورەکان تا ڕادەیەک بەرزترە.

بە گشتی، کاتێک هەموو بەشداربووان بەیەکەوە لەبەرچاو دەگیرێن، تێکڕای نمرەی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتیان (TEI) (SD = 0.48) 3.72یە، کە ئاماژە بە ئاستی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی ئاسایی دەکات. ئەم تێکڕای نمرانە دەتواندرێت پۆلێن بکرێن بەوەی کە دەکەونە ناو مەودای ئاساییەوە بە پشتبەستن بە پۆلێنکردنی پێشکەشکراو.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە لێکدانەوەی ئەم تێکڕای نمرانە دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ لادانە پێوەرییەکان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە ئاماژە بۆ بڵاوبوونەوە یان گۆڕانی نمرەکانی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) لە ناو هەر گروپێکدا دەکەن. سەرەڕای ئەوە، تێبینییە پێشکەشکراوەکە پۆلێنکردنی تێکڕای نمرەکان بۆ ئاستی نزم و مامناوەند و بەرزی زیرەکی سۆزداری (EI) دیاری دەکات، لەگەڵ مەودای پێدراو بۆ هەر پۆلێنکارییەک.

**خشتەی ژمارە (2) ئاستی زیرەکی سۆزداری (EI) بەشداربووان بەپێی خوێندنگە، ڕەگەز و گرووپی تەمەن**

| خوێندنگە | تێکڕا | لادانی پێوەری (SD) |
|---|---|---|
| دەریاز | 3.67 | .38 |
| هاقین | 3.67 | .59 |
| خانای قوبادی | 3.75 | .49 |
| کۆژین | 3.73 | .48 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| نەیڤان | | 3.81 | .51 |
| پێرس | | 3.54 | .41 |
| ڕۆژیار | | 3.79 | .47 |
| سیڤان | | 3.71 | .46 |
| زمناکۆ | | 3.66 | .51 |
| زنار | | 3.72 | .43 |
| | | | |
| ڕەگەز | نێر | 3.70 | .48 |
| | مێ | 3.73 | .48 |
| | | | |
| گرووپی تەمەن | 11-12 ساڵ | 3.74 | .48 |
| | 13-14ساڵ | 3.52 | .46 |
| تێکرا | | 3.72 | .48 |

خشتەی پەیوەندی (خشتەی ژ.٣) ڕۆشنایی دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان زیرەکیی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) و دەستکەوتی ئەکادیمی. ئەنجامەکانی خشتەکە جیاوازییەکی ئەگەری لە توێژینەوەکانی پێشوو دەناسێنن کە ئاماژە بە هیچ پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان زیرەکی سۆزداری و دەستکەوتی ئەکادیمیدا ناکەن. یەکێک لەم توێژینەوەیانە لەلایەن (Ferrando et al. 2010, 3-7). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هاوتایە لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی کە کاریگەری سۆزەکان لەسەر توانای بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان دەناسێنن کە تێبینیکراوە لەلایەن Alkhayr et al. (2022) ـەوە Miao et al. (2017), Sterrett (2000), Mayer et al. (2008), and Bantam کە ئاماژە بە کارەکانی

(2012) دەکات. هەروەها دیدگا ناکۆکەکان لە پێداچوونەوەیەکی سیستماتیکیدا خراوەتەڕوو کە لەلایەن (Noor and Hanafi, 2016, 268 -290).

**خشتەی ژمارە(٣) پەیوەندی زیرەکیی سۆزداری و نمرەی دەستکەوت**

| | | نمرەی چالاکی | نمرەی کۆتایی | زیرەکیی سۆزداری |
|---|---|---|---|---|
| نمرەی چالاکی | پەیوەندی پێرسۆن (Pearson)<br>Sig. (2-tailed) N | 1<br><br>386 | | |
| نمرەی کۆتایی | پەیوەندی پێرسۆن (Pearson)<br>Sig. (2-tailed) N | 0.8<br>0.000<br>385 | 1<br><br>385 | |
| زیرەکیی سۆزداری | پەیوەندی پێرسۆن (Pearson)<br>Sig. (2-tailed) N | 0.22<br>0.000<br>386 | 0.26<br>0.000<br>385 | 1<br><br>386 |

دۆزینەوەکان وەک لە خشتەی ژ.٣ دا خراونەتەڕوو؛ ئەوە دەردەخەن کە پەیوەندییەکی ئەرێنی بەرچاو لە نێوان زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) و دەستکەوتی ئەکادیمیدا هەیە، هەرچەندە پەیوەندی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) دەتوانرێت بە نزم هەژمار بکرێت لە r=0.22 بۆ نمرەی چالاکیی و نزیک لە مامناوەند بۆ نمرەی کۆتایی (r=0.26، < .001) هەژماربکرێت. ئەم ئەنجامانە ئەوە پیشان دەدەن کە ئاستی بەرزی زیرەکی سۆزداری پەیوەندی بە نمرەی بەرزی دەستکەوتەوە هەیە.

بۆ دڵنیابوون لە ڕەوایی شیکارییەکە، ڕێژەی ئاسایی بوونی ئەو گۆڕاوانەی کە بۆ زیرەکی سۆزداری و نمرەکانی دەستکەوت بەکارهێنراون هەڵسەنگێندرا. تێکڕای هەڵسەنگاندنەکان کە لە فرە بابەتی پلەبەندی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) بەدەست هاتوون، وەک زانیاریی تێکەڵکراو مامەڵەیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ کرا (Willits, 2016, 8; Joshi et al., 2015, 401-402). لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریکان وەک زانیاریی تێکەڵکراو (invertal)، ڕێژەی پەیوەندی پێرسۆن ( Khamis, 2008. pp. 157-158) بۆ پێوانەکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو لە نێوان زیرەکی سۆزداری، نمرەکانی چالاکیی و نمرەکانی کۆتاییدا بەکارهێنرا. ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ئاساییبوون کە لەسەر زانیارییەکان ئەنجامدراون دەتوانرێت لە پاشکۆی ئەم تێزەدا بدۆزرێتەوە. ئەم هەنگاوە گرنگە دڵنیایی دەدات لەوەی کە زانیاریکان گریمانە پێویستەکان بۆ ئەنجامدانی پەیوەندییەکە بەدیدەهێنن بۆ شیکاری پەیوەندی و شیکارییەکانی دواتر، بەمەش جێی متمانەبوونی دۆزینەوەکان بەرز دەکاتەوە.

**٣-٤. بەراوردکردنی تێکڕای گروپ:**

ئامانجی توێژینەوەکە لێکۆلینەوەیە لە جیاوازی گروپەکان لەڕووی زیرەکیی سۆزداری و نمرەی دەستکەوتەکان لە نێوان تاکەکاندا بە لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و تەمەن و پەیوەندییان بە خوێندنگەوە. نمرەکانی دەستکەوت وەک نیشاندەری جێبەجێکردنی خوێندکاران لە چالاکییەکانی زمانی ئینگلیزی و نمرەی کۆتایی بەکارهێنران. بە شیکردنەوەی ئەم گۆڕاوانە لە سەرانسەری هۆکارە سەرژمێرییەکانی ڕەگەز و تەمەن و خوێندنگە، توێژینەوەکە هەوڵیدا گۆڕانکارییە ئەگەرییەکان لە زیرەکیی سۆزداری و دەستکەوتەکان لەناو ئەم لقی گروپانەدا دەستنیشان بکات. خشتەکانی خوارەوە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی بەراوردی T (t-tests) و ئەنۆڤا (ANOVA) ی یەکلایەنە دەخەنە ڕوو، کە تێڕوانینێکی بەنرخ پێشکەش دەکەن بۆ سروشت و گرنگی ئەم جیاوازییە گروپییانە.

پێش ئەنجامدانی شیکارییەکانی تاقیکردنەوەی بەراوردی T (t-tests) و ئەنۆڤا (ANOVA) ی یەکلایەنە، چەند ڕەچاوکردنێک لەبەرچاو گیرا. ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئاساییبوونی گشتی دوو گۆڕاوە: ناسەربەخۆکان (چالاکی و نمرەی کۆتایی) هەروەها ئەنجامی زیرەکیی سۆزداری گۆڕاوە سەربەخۆکان لە پاشکۆی F دا خراوەتەڕوو؛ ئەمانە بریتین لە پێوانەی (skewness) و (kurtosis) و نەخشەی Q-Q و هیستۆگرام. هەروەها قەبارەی نمونەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گونجاون بۆ ئەو پشکنینانەی کە ئەنجامدراون هەڵسەنگێندرا. سەرەڕای ئەوە، یەکسانی گریمانەی جیاوازی هەڵسەنگێندرا، چونکە گرنگە بۆ گونجاوی تاقیکردنەوە پارامێتریەکان. سەرچاوەی [لێرەدا ئاماژە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوە بکە] ڕێنمایی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەم گریمانانە پێشکەش کرد. تاقیکردنەوەی t جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان تێکڕای دوو گروپدا دادەمەزرێنێت؛ لە بەرامبەردا ئەنۆڤا (ANOVA)لە کاتی بەراوردکردنی جیاوازی بەرچاوی تێکڕای سێ گروپ یان زیاتر بەکاردەهێنرێت.

جگە لە ئامارە دەرەنجامییەکان، قەبارەی کاریگەرییەکان بە بەکارهێنانی بەهاکانی d ی Cohen هەژمار کرا و خرایە ڕوو. قەبارەی کاریگەرییەکان تێڕوانینێکی ماندار دەبەخشێت بە گەورەیی یان بەهێزی جیاوازییە چاودێریکراوەکان لە نێوان گروپەکاندا ، ئەمەش ڕێگە بە لێکدانەوەی گشتگیرتری ئەنجامەکان دەدات. قەبارەی کاریگەرییەکان لە خشتەی تایبەتدا خراوەتەڕوو.

بەراوردکارییەکانی دوای شیکاری ئەنۆڤا ANOVA دەتوانرێت لە پاشکۆدا بدۆزرێتەوە، کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر جیاوازییە گروپییە تایبەتەکان کە لە دەرەوەی ئەنجامە گشتییەکانی ANOVA بوونیان هەیە.

نیشانە نەرێنییەکانی تاقیکردنەوەی t و بەهاکانی d ی Cohen دەرخەری شوێنی ڕێژەیی بەها بەرز و نزمەکان دەکەن لە هاوکێشەکەدا و وەک ئاماژەدان بە کاریگەری نەرێنی لێکنادرێنەوە. پێوەرێکی هەرەمەکی بۆ لێکدانەوەی d ی Cohen لەلایەن Cohen (1988)ەوە ئاماژەی پێکراوە (Cohen, 1988, 25-26) وەک لە Tomczak and Tomczak (2014) دا هاتووە: 0.2 بە بچووک (یان نزم)، 0.5 مامناوەند و 0.8 بە گەورە (یان بەرز) دادەنرێت Tomczak and Tomczak, 2014, 22) .

**٣-٥. بەراوردکردنی نمرەی دەستکەوت و زیرەکیی سۆزداری خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەرەت:**

خشتەی ژمارە (٤) ئەنجامی جیاوازی ڕەگەزی لە نمرەی دەستکەوت و زیرەکیی سۆزداری خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەت لە بابەتی زمانی ئینگلیزی دەخاتەڕوو. خشتەکە تێکڕا و لادانە پێوەرییەکان بۆ هەر گروپێک (نێر و مێ) پیشان دەدات، هەروەها ئەنجامی شیکاری تاقیکردنەوەی t، لەوانەش بەهاکانی p و قەبارەی کاریگەری d ی Cohen نیشان دەدات.

لە ڕووی نمرەی دەستکەوتەوە، جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان نێر (N=192) و مێ (N=194)دا هەبوو. گروپی نێر تێکڕای نمرەی چالاکیی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتریان هەبوو ( M = 7.20، SD = 1.95) بە بەراورد لەگەڵ گروپی مێینە - = (M = 8.14, SD = 1.72), t(384)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5.03, p < .001. قەبارەی کاریگەری (D ی Cohen) ئاماژەیە بۆ جیاوازییەکی مامناوەند لە نێوان گروپەکاندا، کە نێرەکان نمرەکانیان کەمترە لە مێینەکان (d = 0.511).

بە هەمان شێوە بۆ نمرەی کۆتایی جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان نێر و مێدا دۆزرایەوە. گروپی نێر تێکڕای نمرەی کۆتایی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتریان بەدەستهێنا (M = 70.37، SD = 19.71) بە بەراورد لەگەڵ گروپی مێینە (M = 78.60، SD = 17.59)، t(384) = -4.32، p < .001. قەبارەی کاریگەری (D ی Cohen) جیاوازییەکی مامناوەند پێشنیار دەکات، کە نێرەکان نمرەکانیان کەمترە لە مێینەکان (d = 0.441).

بەڵام کاتێک باسەکە هاتە سەر لە زیرەکیی سۆزداری، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان نێر و مێدا بەدی نەکرا. تێکڕای نمرەکانی زیرەکی سۆزداری بۆ نێرەکان (M = 3.70، SD = 0.48) و مێینەکان ( M = 3.73، SD = 0.48) لە ڕووی ئامارییەوە جیاواز نەبوون، t(384) = -0.75، p = .453. قەبارەی کاریگەری (D ی Cohen) جیاوازییەکی کەم لە نێوان گروپەکاندا نیشان دەدات (d = 0.063).

بە گشتی ئەم دۆزینەوانە ئاماژە بەوە دەکەن کە جیاوازی ڕەگەزی لە هەردوو نمرەی دەستکەوت (چالاکی و کۆتایی)دا هەیە بەڵام لە زیرەکی سۆزداریدا نییە. نێرەکان نمرەی دەستکەوتەکانیان کەمترە بە بەراورد بە مێینەکان، لە کاتێکدا جیاوازییەکی بەرچاوی ڕەگەزی لە نمرەکانی زیرەکی سۆزداریدا نییە.

**خشتەی ژمارە (٤) جیاوازی ڕەگەزی لە نمرەکانی دەستکەوت و زیرەکی سۆزداری**

| | مێ | | نێر | | t | p-بەهای | Cohen's d |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | SD | M | SD | M | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی چالاکی | 7.20 | 1.95 | 8.14 | 1.72 | -5.03 | .000 | -0.511 |
| نمرەی کۆتایی | 70.37 | 19.71 | 78.60 | 17.59 | -4.32 | .000 | -0.441 |
| زیرەکیی سۆزداری | 3.70 | .48 | 3.73 | .48 | -.75 | .453 | -0.063 |

بەراوردکردنی نمرەی دەستکەوت و زیرەکی سۆزداری خوێندکارانی تەمەن ١١ – ١٢ ساڵ (گرووپی گەنجتر) و ١٣ – ١٤ ساڵان (گەورەتر) پۆلی شەشەمی ئینگلیزی:

خشتەی ژمارە (٥) تێڕوانینێکی گشتی لە دۆزینەوەکانی پەیوەست بە پشکنینی جیاوازی لە نمرەکانی دەستکەوت و زیرەکی سۆزداری (EI) لە نێوان دوو گرووپی تەمەن جیاوازدا دەخاتەڕوو: تەمەنی ١١-١٢ ساڵ (N=337) و تەمەنی ١٣-١٤ ساڵ (N=49). شایەنی باسە کە دوو گرووپی تەمەنەکە قەبارەی نمونەیان نایەکسانە، کە دەتوانێت هەندێک ئاڵنگاری لە شیکارییەکەدا بخاتەڕوو. سەرەڕای ئەوەش، گریمانەی یەکسانی جیاوازییەکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Levene)هەڵسەنگێندرا کە مەرجەکانی پێویست بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی T جێبەجێکراون.

بۆ نمرەی چالاکیی، تێکرای نمرەی گرووپی تەمەن 11-12 ساڵ (M = 7.88، SD = 1.82) بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزتر بوو لە نمرەی گرووپی تەمەن 13-14 ساڵ (M = 6.27)، (SD = 1.8، t(384) = 5.81، p < .001. قەبارەی کاریگەرییەکە کە بە d ی Cohen ئاماژەی پێکراوە 0.886 بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەرییەکی گەورە.

بە هەمان شێوە، بۆ نمرەی کۆتایی، تێکڕای نمرەی گرووپی تەمەنی 11-12 ساڵ (M = 77.19، SD = 17.41) بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر بوو لە تێکڕای نمرەی گرووپی تەمەن 13-14 ساڵ (M = 55.79)، (SD = 20.12، t(3848) = 7.81، p < .001. قەبارەی کاریگەرییەکەوە لە d ی Cohen ئاماژەی پێکراوە، 1.204 بووە، کە ئاماژەیە بۆ کاریگەرییەکی گەورە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕووی زیرەکیی سۆزدارییەوە، تێکڕای نمرەی گرووپی تەمەنی 11-12 ساڵ (M = 3.74، SD = 0.48) بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر بوو لە ناوەندی نمرەی گرووپی تەمەنی 13-14 ساڵ (M = 3.52، SD = 0.46)، t(384) = 3.04، p = .003. قەبارەی کاریگەرییەکە، وەک لە d ی Cohen ئاماژەی پێکراوە، 0.441 بووە، کە ئاماژەیە بۆ کاریگەرییەکی مامناوەند.

**خشتەی ژمارە (٥) جیاوازی گرووپی تەمەن لەڕووی نمرەکانی دەستکەوت و زیرەکیی سۆزداری**

| | 11-12ساڵ | | 11-12ساڵ | | t | p-بەهای | Cohen's d |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | M | SD | M | SD | | | |
| نمرەی چالاکی | 7.88 | 1.82 | 6.27 | 1.8 | 5.81 | .000 | 0.886 |
| نمرەی کۆتایی | 77.19 | 17.41 | 55.79 | 20.12 | 7.81 | .000 | 1.204 |
| زیرەکی سۆزداری | 3.74 | 0.48 | 3.52 | 0.46. | 3.04 | .003 | 0.441 |

ئەم ئەنجامانە ئەوە پیشان دەدەن کە جیاوازییەکی بەرچاوی لە گرووپی تەمەندا لە ڕووی نمرەکانی دەستکەوت و زیرەکیی سۆزداریدا هەیە. گرووپی تەمەنی بچوکتر (11-12 ساڵ) لە هەردوو نمرەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چالاکیی و کۆتایی و لە زیرەکی سۆزداریدا نمرەی بەرزتریان هەیە ، بە بەراورد لەگەڵ گروپی تەمەنی گەورەتر (13-14 ساڵ).

جیاوازی خوێندنگە لە نمرەی دەستکەوت و زیرەکیی سۆزداری.

بۆ هەڵسەنگاندنی جیاوازییە بەرچاوەکانی نێوان دە خوێندنگە لە ڕووی نمرەی دەستکەوت و زیرەکیی سۆزداری، بوونی نایەکسانی و گۆڕانی قەبارەی نمونە بووە هۆی هەڵبژاردنی شیکاری ناپارامێتەری، بە تایبەتی تاقیکردنەوەی Kruskal-Wallis. بەڵام بۆ ئەوەی بەراوردێکی گشتگیر پێشکەش بکرێت، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا ANOVA ئەنجامدرا، لەگەڵ بەراوردکردنی دوانەیی دواتر و هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری (بڕوانە پاشکۆی G) بۆ توێژینەوەی زیاتر سەبارەت بە جیاوازییەکان. ئەم ڕێبازە دووانەیە ڕێگە بە پشکنینی وردی زانیاریکان دەدات و تێگەیشتنێکی گشتگیری دۆزینەوەکان ئاسان دەکات.

تاقیکردنەوەی Kruskal-Wallis (Bewick et al., 2004) جێگرەوەیەکی ناپارامێترییە بۆ ئەنۆڤا ANOVA کە لەبری تێکرا دانیشتووان ڕیزبەندی تێکڕا بەکاردەهێنێت. ئەم شێوازە کە زۆرجار بە "ئەنۆڤا ANOVA ـی پلەکان" ناودەبرێت، توانای پشکنینی جیاوازییە بەرچاوەکان لە نێوان گروپەکان بە پشتبەستن بە تێکڕای پلەکانیان دەرەخسێنێت. (Bewick et al., 2004, 196 -197)

لە چوارچێوەی بەراوردکردنی چەندین خوێندنگەدا، بۆ هەڵسەنگاندنی جووتی تایبەتی خوێندنگەکان و دیاریکردنی جیاوازییەکی بەرچاو، چەند بەراوردکارییەک ئەنجام دەدرێت. ئەم ڕێبازە بە هەژمارکردنی تایبەتمەندییە ناوازەکانی هەر گروپێک و ئاسانکاری بۆ تێگەیشتنێکی وردتری ئەنجامەکان ڕێگە بە شیکارییەکی گشتگیر دەدات بۆ زانیاریکان.

خشتەی ژمارە (٦) ئەنجامی تاقیکردنەوەی نمونەی سەربەخۆی Kruskal-Wallis دەخاتە ڕوو، کە بۆ پشکنینی جیاوازی نمرەکانی دەستکەوت و زیرەکی سۆزداری لە نێوان خوێندنگە جیاوازەکاندا ئەنجامدراوە.

بۆ نمرەی چالاکییەکان، ئاماری تاقیکردنەوەکە (H) 69.411 بوو لەگەڵ 9 پلەی ئازادی. بەهای p پەیوەست بەم ئامارەی تاقیکردنەوەکە E-111.98662 بوو، کە ئاماژەیە بۆ جیاوازییەکی زۆر بەرچاو لە نێوان خوێندنگەکان لە ڕووی نمرەی چالاکییەکانەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە هەمان شێوە بۆ نمرەی کۆتایی، ئاماری تاقیکردنەوەکە 37.860 (H) بووە، لەگەڵ 9 پلەی ئازادی. بەهای p بۆ ئەم ئامارەی تاقیکردنەوە 0.000 بوو، هەروەها ئاماژەیە بۆ جیاوازییەکی زۆر بەرچاو لە نێوان خوێندنگەکان لە ڕووی نمرەی کۆتاییەوە.

بەڵام بۆ زیرەکی سۆزداری، ئاماری تاقیکردنەوەکە 5.335 (H) بوو لەگەڵ 9 پلەی ئازادی. بەهای p بۆ ئەم ئامارەی تاقیکردنەوە 0.804 بوو، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە زیرەکی سۆزداریدا لە سەرانسەری خوێندنگەکاندا نەبووە.

ئەم دۆزینەوانە ئاماژە بەوە دەکەن کە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە نمرەکانی دەستکەوت لە سەرانسەری خوێندنگە جیاوازەکاندا هەیە، کە بەهاکانی p-ی بەرچاو بۆ نمرەی چالاکییەکان و نمرەی کۆتاییدا بەڵگەیە لەسەری. بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو لە زیرەکی سۆزداریدا لە نێوان خوێندنگەکاندا بەدینەکرا. بە گشتی ئەم ئەنجامانە ئەوە پیشان دەدەن کە پەیوەندیکردن بە خوێندنگەیەکەوە لەوانەیە کاریگەری لەسەر نمرەکانی دەستکەوت هەبێت، بەڵام مەرج نییە کاریگەری لەسەر زیرەکی سۆزداری هەیبێت.

**خشتەی ژمارە (٦) جیاوازی خوێندنگە لە نمرەی دەستکەوت و زیرەکی سۆزداری**

| | کورتەی تاقیکردنەوەی نمونەی سەربەخۆی Kruskal-Wallis | | |
|---|---|---|---|
| | نمرەی چالاکی | نمرەی کۆتایی | زیرەکی سۆزداری |
| **N کۆی گشتی** | 386 | 385 | 386 |
| **Hئاماری تاقیکردنەوە** | 69.411 | 37.860 | 5.335a |
| **ئاستی ئازادی** | 9 | 9 | 9 |
| **Sig. نزیکی هێڵی (تاقیکردنەوەی دوو لایەنە)** | 1.98662E-11 | 0.000 | 0.804 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣-٦. پێشبینیکەرانی نمرەی چالاکییەکان:

خشتەی ژمارە (٧) ئەنجامی شیکاری پاشەکشەی هێڵی فرەیی دەخاتە ڕوو کە پێشبینیکەرانی نمرەی چالاکیی بۆ پۆلی ٦ی ئینگلیزیدا دەپشکنێت. ڕێژە ناستانداردکراوەکان کاریگەری خەمڵێنراوی هەر پێشبینیکەرێک لەسەر نمرەی چالاکییەکان نیشان دەدەن، لە کاتێکدا ڕێژە ستانداردکراوەکان گرنگی ڕێژەیی هەر پێشبینیکەرێک دوای هەژمارکردنی پلەبەندی پێوانەکردن نیشان دەدەن. هەژمارکردنی قەبارەی پێوانەکردن ئاماژەیە بۆ ڕەچاوکردنی یەکە جیاوازەکان و مەودای گۆڕاوە پێشبینیکەرەکان لە کاتی هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانیان لەسەر گۆڕاوەی دەرئەنجام. لە شیکاری ئاماریدا، گۆڕاوە پێشبینیکەرەکان دەتوانن پلەبەندی پێوانەکردنی جیاوازیان هەبێت وەک پێوەرەکانی بەردەوامی، ڕێزبەندی، یان پۆلێنبەندی.

ئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە تەمەنی خوێندکار پەیوەندییەکی نەرێنی بەرچاوی لەگەڵ نمرەی چالاکیدا هەیە ($\beta = -0.25$، $p < 0.001$). بۆ هەر کەمبوونەوەی یەک یەکە لە تەمەنی خوێندکاردا، نمرەی چالاکییەکە بە 0.65 یەکە کەم دەبێتەوە (بەهای ڕێژەی ستاندارد نەکراو). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەگەڵ زیادبوونی تەمەنی خوێندکار، نمرەی چالاکییەکان مەیلی کەمبوونەوەیان هەیە. ئەمەش واتە تەمەنێکی بچوکتری خوێندکاران پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی نمرەی چالاکییەوە هەیە. هەروەها ڕەگەزی خوێندکار پەیوەندییەکی ئەرێنی بەرچاوی لەگەڵ نمرەی چالاکییدا هەیە ($\beta = 0.14$، $p = 0.003$). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕەگەزی مێ پەیوەندی بە نمرەی چالاکیی بەرزترەوە هەیە بە بەراورد بە نێرەکان. مێینە بوون بە ڕێژەی 0.52 یەکە نمرەی چالاکییەکان زیاد دەکات.

لە نێوان گۆڕاوی خوێندنگەکاندا، چەندین خوێندنگە کاریگەری بەرچاو بۆ سەر نمرەی چالاکییەکان نیشان دەدەن. بە تایبەتی، خوێندنگەکانی هاڤین، کۆژین، نەیڤان، پێرس، ڕۆژیار، سیڤان، زمناکۆ و زنار هەموویان پەیوەندی ئەرێنییان لەگەڵ نمرەی چالاکییەکاندا هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو خوێندکارانەی کە دەچنە ئەم خوێندنگەیانە نمرەی چالاکییەکانیان بەرزترە بە بەراورد بە خوێندنگەی (دەریاز). ڕێژەی کاریگەرییەکان لە سەرانسەری خوێندنگەکاندا دەگۆڕێت، لەگەڵ بەرزترین کاریگەری کە لە خوێندنگەی ڕۆژیار بینراوە ($\beta = 0.47$، $p < 0.001$). بە بەراورد لەگەڵ خوێندنگەی (خانای قوبادی)، خوێندکاربوون لە خوێندنگەی ڕۆژیار پەیوەندی بە بەرزترین زیادبوونی نمرەی چالاکییەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکی مەزەندەکراو بە 3.01 یەکە.  ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە ئەو خوێندکارانەی کە بەشداری خوێندنگەی ڕۆژیار دەکەن بە تێکڕا نمرەی چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ خوێندکارانی خوێندنگەی تر. ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە ژینگەی خوێندنگە یان هۆکارەکانی تری تایبەت بە خوێندنگەی ڕۆژیار لەوانەیە بەشداربن لە بەرزبوونەوەی نمرەی چالاکییەکان لە نێوان خوێندکارەکانیدا.

**خشتەی ژمارە (٧) ئەنجامی شیکاری پاشەکشە بۆ پێشبینیکەرانی نمرەی چالاکیی لە زمانی ئینگلیزی پۆلی شەشەم**

| | هاوکۆلکەی ناستاندارد | | ئاوکۆلکەی ستاندارد | | | ٪95 ماوەی متمانە بۆ B | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | B | Std. Error | Beta | t | Sig. | سنووری خواروو | سنووری سەروو |
| نەگۆڕ | 10.38 | 1.75 | 0 | 5.95 | 0.000 | 6.95 | 13.82 |
| تەمەنی خوێندکار | -.65 | .12 | -.25 | -5.54 | 0.000 | -.88 | -.42 |
| ڕەگەزی خوێندکار | .52 | .17 | .14 | 3 | 0.003 | .18 | .86 |
| خوێندنگەی دەریاز | .27 | .50 | .03 | .52 | 0.600 | -.73 | 1.26 |
| خوێندنگەی هاڤین | 1.45 | .45 | .22 | 3.20 | 0.001 | .56 | 2.34 |
| خوێندنگەی کۆژین | 1.59 | .39 | .39 | 4.11 | 0.000 | .83 | 2.35 |
| خوێندنگەی نەیڤان | 1.72 | .49 | .22 | 3.52 | 0.000 | .76 | 2.68 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنگەی پێرس | 2.88 | .54 | .29 | 5.31 | 0.000 | 1.81 | 3.94 |
| خوێندنگەی ڕۆژیار | 3.01 | .44 | .47 | 6.78 | 0.000 | 2.14 | 3.88 |
| خوێندنگەی سیڤان | 2.12 | .49 | .27 | 4.32 | 0.000 | 1.16 | 3.09 |
| خوێندنگەی زمناکۆ | 1.13 | .43 | .19 | 2.59 | 0.010 | .27 | 1.98 |
| خوێندنگەی زنار | 1.88 | .43 | .33 | 4.42 | 0.000 | 1.04 | 2.72 |
| زیرەکی سۆزداری | .68 | .17 | .17 | 3.96 | 0.000 | .34 | 1.01 |

R square = .32

سەرەڕای ئەوە، زیرەکی سۆزداری پێشبینیکەرێکی بەرچاوی نمرەی چالاکییەکانیشە ($\beta = 0.17$، $p < 0.001$)، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە ئاستی بەرزی زیرەکی سۆزداری پەیوەندی بە نمرەی چالاکیی بەرزەوە هەیە. بۆ زیادبوونی یەک یەکە لە زیرەکی سۆزداریدا، نمرەی چالاکییەکان بە 0.68 یەکە زیاد دەکات.

مۆدێلی گشتی 32%ی جیاوازی لە نمرەی چالاکییەکاندا ڕوون دەکاتەوە ($R^2 = 0.32$)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو پێشبینیکەرانەی لە شیکارییەکەدا هەن بەکۆمەڵ بەشێکی بەرچاو لە گۆڕانکاری لە نمرەکانی چالاکییەکاندا پێکدەهێنن.

**٧-٣. پێشبینیکەرانی نمرەی کۆتایی:**

خشتەی ژمارە (٨) ئەنجامی شیکاری پاشەکشە دەخاتە ڕوو کە پێشبینیکەرانی نمرەی کۆتایی لە پۆلی شەشەمی ئینگلیزیدا دەپشکنێت. ڕێژە ستاندارد نەکراوەکان، کاریگەری خەمڵێنراوی هەر پێشبینیکەرێک لەسەر نمرەی کۆتایی نیشان دەدەن، لە کاتێکدا ڕێژە ستانداردکراوەکان گرنگی ڕێژەیی هەر پێشبینیکەرێک دوای هەژمارکردنی پێوەری پێوانەکردن نیشان دەدەن. گرنگی ڕێژەکان بە بەکارهێنانی بەهاکانی t و بەهاکانی p هاوتا هەڵدەسەنگێندرێت.

بە پشتبەستن بە شیکارییەکە دەتوانرێت ئەم دۆزینەوانە تێبینی بکرێت:

کەمبوونەوەی تەمەنی خوێندکار پەیوەندی بە کەمبوونەوەی نمرەی کۆتاییەوە هەیە کە وەک ڕێژەی ناستانداردی نەرێنی (-8.96) و بەهای t-ی بەرچاو (-7.59) ئاماژەی پێکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەگەزی خوێندکار کاریگەری ئەرێنی لەسەر نمرەی کۆتایی نیشان دەدات، لەگەڵ نمرەی بەرزتر بۆ مێینە کە وەک ڕێژەی ناستانداردکراوی ئەرێنی (4.28) و بەهای t-ی بەرچاو (2.45) ئاماژەی پێکراوە. خوێندنگەکانی هاڤین، کۆژین، نەیڤان، پێرس، ڕۆژیار، سیڤانو زنار: هەریەکێک لەم خوێندنگەیانە کاریگەری ئەرێنی لەسەر نمرەی کۆتایی نیشان دەدەن، لەگەڵ نمرەی بەرزتر پەیوەست بەم خوێندنگەیانە. ڕێژە ناستانداردکراوەکان و بەهاکانی t-ی بەرچاو بەشدارییەکی بەرچاو بۆ ئەم خوێندنگەیانە لە نمرەی کۆتاییدا پێشنیار دەکەن. خوێندنگەکانی پێرس و ڕۆژیار پەیوەندییان بە دوو بەرزترین زیادبوونی یەکەکانەوە هەیە (22.97 و 20.81) لە نمرەی کۆتاییدا بە بەراورد بە خوێندنگەی ئاماژەپێکراوە.

**خشتەی ژمارە (٨) ئەنجامی شیکاری پاشەکشە بۆ پێشبینیکەرانی نمرەی کۆتایی لە زمانی ئینگلیزی پۆلی شەشەم**

| | B | Std. Error | Beta | t | Sig. | سنووری خوارەوو | سنووری سەروو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| )نەگۆڕ( | 131.04 | 17.69 | 0 | 7.41 | 0.000 | 96.25 | 165.82 |
| تەمەنی خوێندکار | -8.96 | 1.18 | -.35 | -7.59 | 0.000 | -11.29 | -6.64 |
| ڕەگەزی خوێندکار | 4.28 | 1.75 | .11 | 2.45 | 0.015 | .84 | 7.71 |
| خوێندنگەی دەریاز | 8.19 | 5.11 | .10 | 1.60 | 0.110 | -1.87 | 18.24 |
| خوێندنگەی هاڤین | 13.18 | 4.59 | .20 | 2.87 | 0.004 | 4.16 | 22.19 |
| خوێندنگەی کۆژین | 10.69 | 3.92 | .26 | 2.73 | 0.007 | 2.98 | 18.39 |
| خوێندنگەی نەیڤان | 13.62 | 4.95 | .17 | 2.75 | 0.006 | 3.88 | 23.35 |
| خوێندنگەی پێرس | 22.97 | 5.48 | .23 | 4.19 | 0.000 | 12.19 | 33.75 |

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنگەی ڕۆژیار | 20.81 | 4.50 | .32 | 4.63 | 0.000 | 11.97 | 29.66 |
| خوێندنگەی سیڤان | 14.93 | 4.98 | .19 | 3 | 0.003 | 5.15 | 24.72 |
| خوێندنگەی زمناکۆ | 8.23 | 4.40 | .13 | 1.87 | 0.062 | -.42 | 16.87 |
| خوێندنگەی زنار | 19.50 | 4.31 | .34 | 4.52 | 0.000 | 11.03 | 27.98 |
| زیرەکی سۆزداری | 8.12 | 1.73 | .20 | 4.69 | 0.000 | 4.71 | 11.52 |

نمرەی زیرەکیی سۆزداری کاریگەری ئەرێنی لەسەر نمرەی کۆتایی نیشان دەدات، کە وەک ڕێژەی ناستاندارکراوی ئەرێنی (8.12) و بەهای t-ی بەرچاو (4.69) ئاماژەی پێکراوە. بەهای R-squared بریتی بوو 32. کە پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێشبینیکەرانی ناو مۆدێلەکە 32%ی جیاوازی لە نمرەی کۆتاییدا ڕوون دەکەنەوە.

## ئەنجامەکان:

**بە پشتبەستن بە شیکارییەکە دۆزینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە:**

- ✓ پەیوەندییەکی ئەرێنی بەرچاو لە نێوان زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) و دەستکەوتی ئەکادیمیدا هەیە،
- ✓ بۆ نمرەی چالاکیی ڕۆژانە، تێکڕای نمرەی گروپی تەمەن 12-11 ساڵ ($M = 7.88$، $SD = 1.82$) بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزتر بوو لە نمرەی گروپی تەمەن 14-13 ساڵ ($M = 6.27$، $SD = 1.8$)، $t(384) = 5.81$، $p < .001$. قەبارەی کاریگەرییەکە کە بە d ی Cohen ئاماژەی پێکراوە 0.886 بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەرییەکی گەورە.
- ✓ بە هەمان شێوە، بۆ نمرەی کۆتایی، تێکڕای نمرەی گروپی تەمەنی 12-11 ساڵ ($M = 77.19$، $SD = 17.41$) بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر بوو لە تێکڕای نمرەی گروپی تەمەن 14-13 ساڵ ($M = 55.79$، $SD = 20.12$ )، $t(3848) = 7.81$، $p < .001$. قەبارەی کاریگەرییەکەوەک لە d ی Cohen ئاماژەی پێکراوە، 1.204 بووە، کە ئاماژەیە بۆ کاریگەرییەکی گەورە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ✓ ڕەگەزی خوێندکار کاریگەری ئەرێنی لەسەر نمرەی کۆتایی نیشان دەدات، لەگەڵ نمرەی بەرزتر بۆ مێینە کە وەک ڕێژەی ناستانداردکراوی ئەرێنی (4.28) و بەهای t-ی بەرچاو (2.45) ئاماژەی پێکراوە.

- ✓ لە کاتی پشکنینی گۆڕاوی "گرووپی تەمەن"، تێکڕای نمرەی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI) بۆ خوێندکارانی تەمەن 11-12 ساڵ 3.74 (SD = 0.48) بوو، لە کاتێکدا بۆ خوێندکارانی تەمەن 13-14 ساڵ، تێکڕای نمرەی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتی (TEI)3.52 (SD = 0.46) بوو. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە تێکڕادا، خوێندکارە گەنجەکان نمرەی زیرەکی سۆزداری تایبەتێتیان (TEI) بە بەراورد بە خوێندکارە گەورەکان تا ڕادەیەک بەرزترە.
- ✓ لە نێوان گۆڕاوی خوێندنگەکاندا، چەندین خوێندنگە کاریگەری بەرچاو بۆ سەر نمرەی چالاکییەکان نیشان دەدەن. بە تایبەتی، خوێندنگەکانی هاڤین، کۆژین، نەیڤان، پێرس، ڕۆژیار، سیڤان، زمناکۆ و زنار هەموویان پەیوەندی ئەرێنییان لەگەڵ نمرەی چالاکییەکاندا هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو خوێندکارانەی کە دەچنە ئەم خوێندنگەیانە نمرەی چالاکییەکانیان بەرزترە بە بەراورد بە خوێندنگەی (دەریاز).

## لیستی سەرچاوەکان:

### بەزمانی ئینگلیزی:

1. *Alkhayr, L. A., Alshaikh, R., Alghamdi, L., Alshaikh, A., Somaa, F., & Bokhari, F. A. (2022). Is emotional intelligence linked with academic achievement? The first TEIQue-SF study in a sample of Saudi medical rehabilitation students. Annals of Medicine and Surgery, 78, 103726. doi:10.1016/j.amsu.2022.103726*
2. *Bewick, V., Cheek, L., & Ball, J. (2004). Statistics review 10: Further nonparametric methods. Critical Care, 8(3), 196-199. doi:10.1186/cc2857*

3. *Cohen, J. (1988). Statistical Power Analysis for the Behavioral Sciences (2nd ed.). Hillsdale, NJ: Lawrence Erlbaum Associates, Publishers. Retrieved from https://www.utstat.toronto.edu/ ~brunner/oldclass/378f16/readings/CohenPower.pdf*
4. *Ferrando, M., Prieto, M. D., Almeida, L. S., Ferrandiz, C., Bermejo, R., Lopez-Pina, J. A., . . . Fernandez, M.-C. C. (2010). Trait emotional intelligence and academic performance: Controlling for the effects of IQ, personality, and self-concept. Journal of Psychoeducational Assessment, 29, 150-159. doi: 10.1177/0734282910374707.*
5. *Goleman, D. (1995). Emotional intelligence: Why it can matter more than IQ. New York: Bantam.*
6. *Hanafi, Z., & Noor, F. (2016). Relationship between Emotional Intelligence and Academic Achievement in Emerging Adults: A Systematic Review. International Journal of Academic Research in Business and Social Sciences, 6(6), 268-290. doi:10.6007/IJARBSS/v6-i6/2197*
7. *IBM Corp. Released (2022). IBM SPSS Statistics for Windows, Version 29.0. Armonk, NY: IBM Corp.*
8. *L. R. Brody, J. A. Hall, L. R. Stokes,( 2016) "Gender and emotion: Theory, findings and*
9. *content", In Feldman Barrett, L., Lewis, M., Haviland-Jones, J. M. (Eds.),*
10. *Handbook of emotions. New York, NY: The Guilford Press.*
11. *'Lorenzo Fariselli , Massimiliano Ghini and Joshua Freedman, Age and emotional*
12. *intelligence,researchGatehttps://www.researchgate.net/publication/265192824*
13. *M. Meshkat and R. Nejati, (2017)"Does emotional intelligence depend on gender? A Study on undergraduate English majors of three Iranian universities", SAGE Open,*
14. *Petrides, K.V., & Mavroveli, S. (2018). Theory and Applications of Trait Emotional Intelligence. Psychology: The Journal of the Hellenic Psychological Society, 23(1), 24–36. https://doi.org/10.12681/psy_hps.23016*
15. *Tomczak, M., & Tomczak, E. (2014). The need to report effect size estimates revisited: An overview of some recommended measures of effect size. TRENDS in Sport Sciences, 1(21),*
16. *Willits, F. K., Theodori, G. L., & Luloff, A. E. (2016). Another Look at Likert Scales. Journal of Rural Social Sciences, 31(3), 126-139. Article 6, pp 1-8, Available at https://egrove.olemiss.edu/ jrss/vol31/ iss3/6/*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# The Effect of Emotional Intelligence on English Language Proficiency Among Sixth Grade Students

**Mariwan Asaad Bahaaldin**
Department of Kurdish, College of language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: mariwanasaad20@gmail.com

**Prof. Dr. Abdullah Hussein Rasool**
Department of Kurdish, College of language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: abdulla.raswl@su.edu.krd

***Key words**: Trait Emotional Intelligence, English Language, Gender, Age, Students.*

## Abstract

The main purpose of this study is to investigate the relationship between emotional intelligence and English language proficiency in 6th-grade students, to find the possible connections between emotional intelligence and demographic variables like; (age, gender, and school environment) and their impact on the total activity score and the student's writing tests inside the classroom.

The research community includes 386 6th-grade students both male and female whose ages are between 11 and 14 years. They are randomly chosen from 10 different schools in Erbil province - the center of the district - including Deryaz, Havin, Kozhin, Neyvan, Pers, Rojyar, Sivan, Zmnako, Zinar and Khana Qubadi. They chose those schools to make an assessment of the students' emotional intelligence levels by using the children's short form (CSF) which consists of 36 items, that is a part of the TEIQue (Trait Emotional Intelligence Questionnaire, then the data were analyzed and tested for variables through the statistical SPSS program.

The results of the study suggest that the 11-12-year-old students' group had significantly higher levels of emotional intelligence than the 13-14-year-old group. In contrast, in students of the 11-12-year-old group, their total activity score was

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

significantly higher compared to the 13-14-year-old group and the size of this effect was indicated at (1.204, 0.886) Cohen's d, which is evidence for a significantly positive effect of Emotional intelligence on the academic level of the students. The results of students' gender differences also have a positive relationship with the student's total everyday activity score and writing tests, in a way that the level of scientific level and daily activity of females is higher than males in the classroom.

## تأثير الذكاء العاطفي في كفاء اللغة الانجليزية عند الطلبة في الصف السادس الأساس

**ملخص**

الهدف الرئيس من هذا البحث هو تَقَصّـــي العلاقة القائمة بين الذكاء العاطفي وكفاءة اللغة الإنجليزية عند طلاب الصـــف الســـادس الأســـاس، بهدف إيجاد العلاقات المحتمل وجودُها بين الذكاء العاطفي والمتغيرات الديموغرافية مثل: (العمر، الجنس، البيئة الدراسية) وتأثيراتها في معدلات النشاط اليومي وامتحانات الطلبة التحريرية داخل الصف.

يتكون مجتمع الدراســة من 386 طالباً من الصـف السـادس الأسـاس من الجنسـين (الذكور والإناث)، الذين تتراوح أعمارهم بين 11 إلى 14 سنة. بصـورة عشـوائية مقصـودة في 10 مدارسـة مختلفة في أربيل – قضـاء المركز – لتشـمل المدارس: دَرباز، هافين، كوزين، نَيفان، بيرس، رزيار، سـيفان، زمناكو، زنار وخاناي قوبادي. والتي أُخيرت لاختبار مستوى الذكاء العاطفي للطلاب. وقد تم استخدام استمارة الأطفال المختصرة (CSF) ذات الستة والعشرون فقرة، والتي تعدُّ بعض فقراتها ضمن اللائحة الخاصة بأسـئلة الذكاء العاطفي (TEIQue)، ومن ثَمَّ وعبر برنامج الإحصـــاء (SPSS) تم تحليل البيانات واختبار المتغيرات.

تشير نتائج البحث إلى أنَّ مستوى الذكاء العاطفي يرتفع بشكل ملحوظ عند الفئة العمرية 11-12 سنة منه إلى الفئة العمرية 13-14 ســنة. وبالمقابل فإن معدلات النشــاط اليومي للطلبة من الفئة العمرية 11-12 سـنة وامتحاناتهم التحريرية قد ارتفعت وبشـكل ملحوظ أيضاً عند المقارنة بالطلبة من الفئة العمرية 13-14 سنة. وأن حجم هذا التأثير قد تم تقديره بنسبة (0.886 ، 1,204) Cohen d. وهذا دليل على التأثير الإيجابي للذكاء العاطفي في ارتفاع المستوى العلمي للطلبة. وتبين أيضاً أن لاختلاف

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الجنس بين الطلبة الذكور والإناث علاقة ملحوظة بمعدلات النشـــاط اليومي والامتحانات التحريرية، بحيث أن المســتوى العلمي والنشـــاط اليومي داخل الصــف للطلبة الإناث كان أعلى مقارنة بالطلبة الذكور.